حكومەتی هەرێمی كوردستان - عێراق　　بەناوی خودای گەورە　　بابەت : جوگرافیا　كات : ( ٣ ) كاتژمێر

وەزارەتی پەروەردە لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەكان　　وەڵامی نموونەیی

ئەزموونە گشتییەكانی قۆناغی ئامادەیی پۆلی ( دوازدەهەمی وێژەیی ) ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢- ٢٠٢٣ خولی یەكەم

پەنجەمۆر

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە: ( بۆ هەر پرسیارێك ٢ نمرە )

١. ( زان و ئەنسیندارو قەستەل ) گرنگترین درەختی یەكێك لەم جەنگەڵانەن :
A- مام ناوەندییە ساردەكان( سنەوبەرییەكان )　B- مام ناوەندییە نیمچەگەرمەكان( خەزانییەكان )
C- خولگەییەكان　D- ( B و C ) ڕاستن

٢. لەسەر بنچینەی جیاواز پێش دەكەون كە بنەماكەی پەیوەندی كرێكارە بەخاوەن كارەوە ، لەم یەكە كشتوكاڵییانەشدا كرێكار زۆر دەبێت بۆ بەجێهێنانی پێویستییەكانی بەرهەمهێنانی كشتوكاڵ:
A- كێڵگە بچووكەكان　B- كێڵگە گەورەكان　C- كێڵگە هەرەوەزییەكان　D- كێڵگە كۆمەڵەكییەكان

٣. پانی گەرووی بابولمەندەب لەسەری ( مەنهال ) لەكەناری ئاسیا و سەری ( سیال ) لە كەناری ئەفریقا نزیكەی......... دەبێت:
A- ( ١٦,٨كم )　B- ( ٢٤,٢كم )　C- ( ٣١,٢كم )　D- ( ٣٢,١كم )

٤. ئەو پێوانانەی كە لە دیاریكردنی ( كۆمەڵگەی پیشەسازیدا ) بەكاردێن خۆی دەنوێنێ لە :
A- تێكرای درامەتی تاكەكەس لە درامەتی نەتەوەیی　B- ڕادەی بڵاوبونەوەی شارەكان لە ڕێی زانینی قەبارەیان
C- پلەی بڵاوبونەوەی خوێندەواری بە قۆناغە جیاكانیەوە　D- هەموو وەڵامەكان ڕاستن

٥. ئەم جۆرە گۆگرداتی ئاسنە بۆ دەرهێنانی ترشی كبریتیك بەكاردێت،خاوەكانی لە ناوچە پەیدابووە نوێیەكانی جیهان بڵاون:
A- سیدرایت　B- لیمۆنایت　C- پایرایت　D- هیماتایت

٦. بچووكی قەبارەی كێڵگە،یەكێكە لە خاسیەتەكانی:
A- شێوازی كشتوكاڵی بژێویی چڕ　B- شێوازی بەرهەمهێنانی سپیایی
C- شێوازی ئاژەڵ لەوەڕاندن　D- ( A و B ) ڕاستن

٧. خاوەنی گەورەترین وزەی پاڵاوتنی نەوتن( پاڵاوتگەن ) لە جیهاندا :
A- ڤەنزویلاو هۆڵەندا　B- ژاپۆن و ویلایەتە یەكگرتووەكان　C- فەرەنسا و ئیتالیا　D- بەریتانیا و ئیسپانیا

٨. لە كۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم هاتە گۆڕێ وەك سەرچاوەیەكی گەرمایی و توانایەكی بزوێنەر:
A- گازی سروشتی　B- نەوت　C- خەڵوز　D- زەرە( ئەتۆم )

٩. نۆكەندی پەنەما دوری گەشتی كەشتیگەلی نێوان شاری نیویۆرك لە كەنارەكانی باكوری خۆرهەڵات و سان فرانسیسكۆ لە كەناری خۆرئاوای ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكای كورت كردووە بۆ كەمتر لە :
A- ( ٨٣٧٠كم )　B- ( ٦٧٨٠كم )　C- ( ٧٣٨١كم )　D- ( ٣٧٨٠كم )

١٠. ( ئەلمەحیس ) كانە نەوتێكی بەرهەمداری عێراقە دەكەوێتە پارێزگای:
A- كەركوك　B- بەسرە　C- نەینەوا　D- میسان

١١. پشتێنە كشتوكاڵییەكانی بیردۆزی ( ڤۆن تۆنن ) لەسەر بنەڕەتی یەكێك لەمانە داناوان:
A- تێچوونی گواستنەوە　B- تۆپۆگرافیا　C- ئاو هەوا　D- زۆری ژمارەی دانیشتوان

١٢. لە پیشەسازی خەستكردنی ( مس )،ڕێژەی فلز لە خاوەكەیدا دەگاتە نێوان :
A- ( ٢-٤ )٪　B- ( ٣ -٥ )٪　C- ( ٥-٦ )٪　D- ( ٥-٧ )٪

١٣. یەكێك لە خاسیەتە بنەڕەتییەكانی كێڵگە بازرگانییەكان ئەوەیە كە بەرهەمەكەی بۆ ( كەرستەی خاوی پیشەسازییە ) وەك:
A- كەتان　B- برنج　C- گەنمە شامی　D- گەنم

١٤. بیابانی ئەفریقا بۆتە هۆی ئەوەی ئەو نەخۆشییە لە وڵاتەكانی خۆرئاوای عەرەبیدا بڵاوەبێتەوە:
A- كوللەی بیابان　B- كرمی گەڵای لۆكە　C- تسی تسی　D- ( ڕەش بوون ) كوورك

١٥. داگرتنەوە و پەستانەوەی خورما ، یان خەستكردنەوەی خاوەكان بەیەكێك لەم پیشەسازییانە دادەنرێن:
A- دەرهێنان　B- گۆڕانكاری　C- ئامادەكردن　D- بەكاربردن

١٦. بە پلەی یەكەم دێت لەبەرهەمهێنانی گۆگرد لە جیهاندا :
A- پورتوگال　B- پۆلیڤیا　C- هۆڵەندا　D- پۆڵەندە

١٧. دەكەوێتە ئەو بازنە خولگەییانەی بارانیان زۆرە لە ئەفریقا لە دورگەی مالاگاشی ولە ئەمریكای باشوور لەحەوزی ئەمەزۆن دەردەكەوێت:
A- پیشەی شوانكارەی سەرەتایی　B- پیشەی كۆكردنەوەی سەرەتایی
C- پیشەی كشتوكاڵی سەرەتایی　D- پیشەی ئابووری بازرگانی

١٨. باشترین نموونە بۆ تەواوكردنی یەكتری نێوان بەرووبوومی سپیایی و بەراز بەخێو كردن لە ................ دەردەكەوێت:
A- نیوزلەندە　B- دانیمارك　C- بەرازیل　D- دورگەی تەسمانیا

١٩. سەیری نەخشەكە بكە ژمارە ( ١ ) ئاماژەیە بۆ دورگەی:
A- لیبرادۆر　B- ئایسلاند　C- نیوفاوندلاند　D- گرینلاند

٢٠. مەبەست لە ڕێگەی فراوانكردنی ستوونی كێڵگە كشتوكاڵییە بازرگانییەكان، بریتییە لە :
A- چاككردنی خاسیەتی خاك　B- خۆشكردنی زەوی　C- وشككردنی زەلكاوەكان　D- داچاندنی زەوی

٢١. شێوازی كشتوكاڵی فراوانی دانەوێڵە لە باشووری خۆرهەڵات و باشووری خۆرئاوای یەكێك لەم كیشوەرانە دەردەكەوێت:
A- ئوسترالیا　B- ئۆراسیا　C- ئەفریقا　D- ئەمریكای باشوور

٢٢. لە كیشوەری ئەوروپا لەوپەڕی خۆرئاوا تا ئەوپەڕی خۆرهەڵات درێژدەبێتەوە، لە ئەمریكای باشووریش لە باشووری بەرازیل و ناوەڕاستی ئەرجەنتین و شیلیدا دەردەكەوێت:
A- شێوازی بەرهەمهێنانی سپیایی　B- شێوازی كشتوكاڵی بازرگانی ڕێكخراو
C- شێوازی كشتوكاڵی دەریای ناوەڕاست　D- شێوازی كشتوكاڵی تێكەڵ

٢٣. ژمارەیان لە جیهاندا لە ئاژەڵەكانی تر زۆرترە لە هەموو شێوەكانی كشتوكاڵیدا دەردەكەوێت:
A- مانگا　B- مەڕ　C- گامێش　D- بەراز

٢٤. خاوەكانی مس لە كانەكانی كەنەدا بە ڕێژەیەكی بەرز كانزاكەیان تێدایە ، كە دەگاتە :
A- ( ٣٪ )　B- ( ٤٪ )　C- ( ٥٪ )　D- ( ٦٪ )

٢٥. یەكێكە لەو كانانەی ڕێگەی تونێل ( الانفاق ) بەكاردێنن بۆ بڕینی دەمارە خەڵوزەكانی:
A- یۆركشایەر لە ئینگلتەرە　B- هەرێمی ئەلینۆی لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا
C- باشووری وێلز لە ئینگلتەرە　D- ڤەرجینیای خۆرئاوا لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا

٢٦. یەدەگی زۆری ئاسنی تێدایە كە بە ئەندازەی زیاترلە یەك ملیار تۆن مەزەندە دەكرێت،كارگەكانی خۆرهەڵاتی ئەوروپا پشتی پێ دەبەستن:
A- ناوچەی ماگنیتۆكۆرسك　B- ناوچەی كیرۆناجلشاری　C- ناوچەی كریڤۆری ڕۆج　D- ناوچەی كلیفلاند

٢٧. ڕەنگدانەوەی زۆری بەرهەمهێنانی ( خوری ) لە ئوسترالیا ، دەگەڕێتەوە بۆ:
A- زۆری ڕێژەی باران بارین　B- باری وشكی ئاو وهەواكەی
C- بڵاوبونەوەی لەوەڕاندنی بازرگانی　D- ( B و C ) ڕاستن

٢٨. سەیری نەخشەکە بکە ژمارە ( ٢ ) ئاماژەیە بۆ بەندەری:

A- نارڤك | B- بیرا | C- سان لورنز | D- بانیاس

٢٩. لەساڵی ١٩٧٨ تەواو بوو توانای بەرهەمهێنانی ساڵانەی نیو ملیۆن تەنە،نەوتی خاوی لە لولەی ستراتیژییەوە بۆ دێت:

A- پاڵاوتگەی موسڵ | B- پاڵاوتگەی کەسك | C- پاڵاوتگەی حەبانییە | D- پاڵاوتگەی سەماوە

٣٠. یەدەگی نەوتی هەموو جیهان نزیکەی ......... ترلیۆن بەرمیلە و هەموو جیهانیش ساڵانە زیاتر لە..... ملیار تەن نەوت بەکاردەبات:

A- ( ٧,٢ ) و( ١,١ ) | B- ( ٦,٢ ) و ( ١,٢ ) | C- ( ٢,١ ) و( ٢,٧ ) | D- ( ٢,٦ ) و( ٢,٣ )

٣١. بەگرنگترین کانی بەرهەمهێنانی خەڵوز دادەنرێت لە ئۆکرانیا:

A - کوزنتسك | B- دۆنباس | C- سیلیزیای سەروو | D- کزباس

٣٢. یەکێکە لە ناوچە سەرەکییەکانی کۆبونەوەی فۆسفات لە جیهان:

A - بەریتانیا | B- فەرەنسا | C- روسیای فیدراڵ | D- ئەڵمانیا

٣٣. کام لەم دەستەواژانە تایبەت بە بەرهەمهێنانی قامیشی شەکر ڕاستە:

A - بەرووبوومێکی وەرزییە هەر سێ ساڵ جارێك دەروێنرێت
B- پێویستی بە( ١٠٠٠–١٥٠٠ ) ملم باران هەیە
C- پێویستی بە خاکێکی بە پیتە
D- بۆ گەشەکردنی پێویستی بە پلەیەکی گەرمی هەیە کە لە ( ١٨ ) پلەی سەدی کەمتر بێت

٣٤. لەو پیشەسازییانەیە کە بە پلەی یەکەم بایەخ دەدەن بە( جۆری کار ) وە دەست ڕەنگینی و شارەزاییەکی ووردیان دەوێت لەکارکردندا:

A- جگەرە | B- پێستە | C- چنین | D- ئۆتۆمبێل

٣٥. فافۆنی پاك و بێگەرد لە سروشتدا نییە، بەڵکو لە ناو فلزە زۆرەکاندا هەیە وەك:

A - کروم | B - نیکل | C -مەنگەنیز | D - مایکا

٣٦. وزەی بنکەکانی کارەبای وزەی ئەتۆم لە ساڵی١٩٨٤ گەیشتە .................. میگاوات:

A - ( ١٩٠٠٠ ) | B - ( ٨٤٢٠٠ ) | C- ( ٩١٠٠٠ ) | D- ( ٤٨٢٠٠ )

٣٧. گەرووی هورمز:

A - تاکە ڕێڕەوە بۆ ناو ئاوی زەریایی بەرەو کەنداوی عەرەبی
B- ( ٢٠ –٢٥٪ )ی کەشتیوانی جیهانی پێدا دەگوزەرێت
C- کەنداوی عومان و کەنداوی عەدەن بەیەکەوە دەبەستێت
D- بەدەرگای پشتەوەی نۆکەندی سوێس دادەنرێت

٣٨. لە نموونەی بەردە بەنرخەکانن ،بۆ خشڵ دروستکردن بەکاردەهێنرێت:

A - بازلت | B - فەیروز | C- گرانیت | D- نیس

٣٩. خاوەن سەرمایەکان لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو پارەکانیان لە پیشەسازی بەکار ناهێنن و لە کەرتەکانی تردا دەیخەنە کار وەك کەرتی:

A- بانق و کۆمپانیا | B- بازرگانی | C- خانووبەرە | D- هەموو وەڵامەکان ڕاستن

٤٠. سەیری نەخشەکە بکە ژمارە ( ٣ ) ئاماژەیە بۆ :

A- دەریای ڕەش | B- دەریای قەزوین | C- دەریای سوور | D- دەریای ناوەڕاست

٤١. تاکو کەنارە کیشوەرەکان تەسکتر ببنەوە ناوچەی ڕاوەماسیش کەمتر دەبێت ، وەك کەناراوەکانی کیشوەری:

A- ئەمریکای باشوور | B- کەنارەکانی باشووری چین | C- ئوسترالیا | D- ( A و C ) ڕاستن

٤٢. یەکێك لە گەورەترین و بایەخدارترین کانە نەوتەکانی جیهانی تێدا کۆبۆتەوە:

A- خۆرئاوای ئەمریکای باکوور
B- خۆرهەڵاتی ئەمریکای باکوور
C - خۆرئاوای ئەوروپا
D- باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا

٤٣. سەیری نەخشەکە بکە ژمارە ( ٤ ) ئاماژەیە بۆ ناوچەی بەرهەمهێنانی مس:

A- هۆبی | B-ئۆنتاریۆ | C- هۆنشۆ | D- مەنرۆلا

٤٤. هەر یەکە لە ویلایەتەیەکگرتووەکان و روسیای فیدراڵ گۆگرد لە ڕێگەی ............. بەرهەم دێنن:

A- ئەلبیریت | B- چاڵی کراوە | C- پوختەکردنی لە گازی سروشتی | D- پوختەکردنی لەگەچ

٤٥. لە گرنگترین کانە نەوتەکانی وڵاتی سعودیە یە:

A- الغوار | B- عەوالی | C- فهود | D- سویدیە

٤٦. لە( خاسیەتە خۆییەکانی کشتوکاڵ ) دادەنرێت ،مەبەستیش لێی ئەو چۆنیەتیەیە کە بەرهەمهێنان تێیدا دێتە کایەوە ،هەروەها ئەو هۆو ڕێبازانەی بەکاردەهێنرێن و پەیرەو دەکرێن بۆبەجێهێنانی:

A- خاسیەتە کۆمەڵایەتییەکان و خاوەنداریەتی کشتوکاڵ
B- خاسیەتەکانی بەرهەمهێنان
C-خاسیەتی ڕێکخستن و هونەرکاری
D- سیستەمی بەشکاری

٤٧. پیشەسازی ( قورس و سووك ) دابەشکردنی پیشەسازییە لەسەر بنەڕەتی:

A- قەبارەی سەرمایەو جۆری بەرهەمهێنان
B- ئەو هۆیانەی کاردەکەنە سەر جێگیر بوونی
C- سەرچاوەی کەرەستەی سەرتایی کە پشتی پێ دەبەستێت
D- چۆنیەتی بەرهەمە پیشەسازییەکە

٤٨. لەو وڵاتانەن کە بۆکسایت دەهێنن و بە شێوەی کەلوپەلی دروستکراو دەینێرنە دەرەوە:

A- یونان | B- ژاپۆن | C- بەریتانیا | D-سۆرینام

٤٩. سەیری نەخشەکە بکە ژمارە ( ٥ ) ئاماژەیە بۆ وڵاتی:

A - ڤەنزوێلا | B- پۆلیڤیا | C- پیرۆ | D- کۆلۆمبیا

٥٠. لەو شوێنانەن کە کۆچ و ڕەوی ئاسۆییان تێدا ئەنجام دەدرێت بۆ شوانکارەی سەرەتایی:

A - بیابانی گەورەی ئەفریقا | B - باکوری ئۆراسیا | C - مەغریبی عەرەبی | D- ( A و B ) ڕاستن

